# بێویژدانی بەناوی ئینسانیەت: وڵامێک بۆ "حیواری موتەمەدن"

**(بەشی دووەم)**

**ئیسماعیل ئیبراهیم رواندزی**

لەم بەشەش درێژە بە ئەنالیزی بەیاننامەکەی کەمپینی "حیواری موتەمەدن" دەدەم.

3- بەیاننامەکە لە درێژەی خۆیدا دەڵێت: **(تنص هذه البنود التي يظن واضعوها انها بهذا الشكل وهذا الزمن تؤدي الى تطبيع الحياة في كركوك، على اخراج سكانها من الوافدين الى المدينة ( تحت ذريعة التعريب لكن الحقيقة ان الوافدين جاء معظمهم بسبب الفقر المدقع الذي دفعهم للهجرة لقاء مبلغ من المال او قطعة ارض) واعادتهم الى مناطق نزوحهم الاصلية).** بە کوردییەکەی واتە: **"دەقی بەندەکانی ئەو ماددەیە کە داڕێژەرانی پێیانوایە بەم شێوەیەو لەو کاتەدا ژیان لە کەرکووک ئاسایی دەکاتەوە، ئەویش بە دەرکردنی دانیشتوانەکەی لە هاوردەکانی شارەکە ( بە بیانووی تەعریب بەڵام ڕاستییەکەی زۆربەی هاوردەکان بەهۆی هەژاری لەڕادەبەدەریان کۆچیان کردووەو ئەویش بە وەرگرتنی هەندێک پارەو پارچەیەک زەوی) و گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچە ئەسلییەکانی خۆیان".** خوێنەری خۆشەویست ئێستا بۆت ڕۆشن بۆوەوە کە ئەو "ئینساندۆستانەی" بەیاننامەکەیان نووسیوە پێیانوایە کە ئەو عەرەبانەی بۆ کەرکووک هاتوون تەعریبچی نینو بۆ تەعریبو گۆڕینی ناسنامەی خاکی کوردستان نەهاتوون، بەڵکو ئەو "ئینساندۆستە" بێویژدانانە دەڵێن، عەرەبە تەعریبچییەکان خەڵکانی هەژاربوونو لە کەرکووک بەدوای بژێوی ژیانیان دەگەڕان. خوێنەری خۆشەویست، لەوەش خراپتر کە ئەوانە نەیانووسیووە تەعریبچییەکان تەنها خەڵکانی هەژار بوون بەڵکو ووشەی (الفقر المدقع) یان بەکاهێناوە واتە زۆر زۆر هەژاربوون، ئەمەش دەلالەت لە باوەڕبەخۆنەبوونی نووسەرەکە بە قسەکانو مەسەلەکە دەگەیەنێ، هەربۆیە نووسەرانی بەیاننامەکە بۆ ئەوەی قەناعەت بەخۆیان بێنن کە تەعریبچییەکان خەڵکانی هەژاربوون ئەوا ویستوویانە ڕستەکە واداڕێژن کە بەرحەقی مەسەلەکە بسەپێنێو لەلایەکیتر وایانزانیوە تا زیاتر تەعریبچیەکان هەژارتر پیشانبدەن بەرحەقی زیاتر بۆ هاتنیانو دوایش بۆ سیاسەتی تەعریب دەستەبەردەکەن. بەڵام ئەم بێویژدانانە ئەوەیان لەبیرخۆ بردۆتەوە کە ئەگەر ئەو تەعریچیانە بۆ بژێوی ژیانیان لە کەرکووک نیشتەجێبوونە، چۆنە کەرکووکیان هەڵبژارد؟ باشە پێمان ناڵێن بۆچی بەعس تەنها لە کەرکووکو شارە کوردستانییەکان پارەو زەوی پێداون؟ لە هەموو گرنگتر، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کە کەرکووک قەت شارێکی پیشەسازی نەبووە تا هەڵی پەیداکردنی کاری زۆری تێدابێ، پێمان ناڵێن کێ بە تەعریچیەکانی ووتبوو کە بچن بۆ کەرکووک؟ ئەرێ کەس لە ئێوە جورئەت دەکا (خۆ ڕەنگە جورئەتیش بکەن چونکە بەڕاستی سەلماندتان کە زۆر بێویژدانن) ئینکاری ئەوە بکا کە لەو کاتەی ڕژێمی بەعسی شۆفینیست کەرکووکی تەعریب دەکرد بە هێنانی تەعریبچییەکان، لەهەمان کاتو ساتدا کوردەکانی کەرکووکی دەردەکردو زەویو سەروماڵیانی دەست بەسەردادەگرتو دەیدا بە تەعریبچیەکان؟ خوێنەری خۆشەویست داڕێژەرانی ئەو بەیاننامەیە ئەوەندە نائینسانیو بێشەرمن لە ئینکارکردنو پێچەوانەکردنەوەی ڕاستییەکان بەجۆرێک لە

بەياننامەكە بەهيچ شێوەيەک ئيشارە بە دەركردنى كوردەكانو "تەسحيحى قەوميە" كوردەكانو بەخشينى زەوىو ماڵو سامانى كوردەكان بە تەعريبچيەكان نادرێ، بەڵكو ئەو "ئينساندۆستانە" زۆر ئازا بوونە لە تەبريركردنى تەعريبى كەركوكو تەنانەت ئەوەندە بێشەرمن لە بەياننامەكە، لەجياتى داواى لێبوردن بۆ كورد بكەن، كورد قەرزبار دەكەنو بەس ئەوەندەيان ماوە كە داواى دەركردنى هەرچى كوردە لە كەركووک بكەن بە بيانووى ئەوەى نەكا بوونى كورد لە كەركووک ببێتە هۆى ئيستفزازى تەعريبچييەكانو بەمەش هۆكارێک بێت بۆ هەلگيرسانى "شەڕى قەومى".

4– لە بەياننامەكەدا هاتووە: (مهدت سياسة التعريب العنصرية لنظام صدام الدكتاتوري الأرضية لتأجيج الصراع القومي في مدينة كركوک). بە كوردييەكەى واتە: (سياسەتى تەعريبى ڕەگەزپەرستى ڕژێمى سەددامى دكتاتۆر زەمينەى كێشمەكێشى قەومى لە شارى كەركووک خۆشكرد) لە خاڵەكەى پێشوو نيشانمدا كە چۆن ئەوانە باسى ئەوەيانكردووە كە هێنانى عەرەب بۆ كەركووک لە پێناوى تەعريبى شارى كەركووک نەبووە بەڵكو ئەوانە بەدواى بژێوى ژيانيان گەڕاون، بەڵام لێرە باسى ئەوە دەكەن كە ڕژێمى سەددام (ديارە ناشڵێن ڕژێمى بەعسى عەرەبى، كە ئەمەش جێگاى سەرنجە) سياسەتى تەعريبى پەيڕەوكردووە لە شارى كەركووک، بەڵام ئەگەر ديقەت بدەينێ لە درێژەى بەياننامەكەدا هاتووە: (واعطت المبررات للاحزاب القومية والدينية في استغلال تلک السياسة المقيتة لنشر الأوهام والدعايات حول هوية كركوک القومية). كە بە كوردييەكەى واتە: {بيانوويداوە بەدەستى حيزبە نەتەوەيىو ئايينيەكان بۆ سوودوەرگرتن لەو سياسەتە (مەبەستيان سياسەتى تەعريبە، لە لايەن نووسەرەوە) لە پێناوى بڵاوكردنەوەى دعايەو وەهمەكان دەربارەى ناسنامەى نەتەوەيى كەركووک}، كەواتە ڕۆشنبووەوە كە ئەوانە پێيانوايە سياسەتى تەعريب بيانووى داوەتە دەست حيزبە نەتەوەييەكانى كورد بۆ ئيدعاكردنو بڵاوكردنەوى وەهمى كوردستانيبوونى شارى كەركووک. لێرەدا ڕۆشنبووەوە كە ئەوانە كوردستانيبوونى شارى كەركووک بە وەهمو ئيدعايەكى بێ بنەماى حيزبە نەتەوەييەكانى كورد لە قەلەم دەدەن. بە مانايەكىتر، لە كاتێكدا ئەو بەياننامەيەو كەمپينە بۆ دياريكردنى "چارەنووسى" شارى كەركووكە بە شێوەيەكى "ئينسانى"و "شارستانيانە" بەڵام دەركەوت كە ئەوانە لە بنچينەدا مەسەلەى ئيدعاكردنى كوردستانيبوونى شارى كەركووک لەلايەن كوردەوە بە وەهمو ئيدعاى شەرەنگێزانەى بێبنەماى حيزبە كوردييەكان لە قەلەم دەدەن، بەمەش لە نەزەڕى ئەوان هيچ كێشەيەكى لەسەر ناسنامەى ئێراقيبوونى كەركووک نييە، هەرچى ئيدعاى كوردستانيبوونيشى بكات وەهم بڵاودەكاتەوەو دەيەوێ سوود لە سياسەتى تەعريب وەربگرێ بۆ هەڵگيرساندنى "شەڕى قەومى". دەى باشە ئەگەر مەسەلەى ئيدعاى كوردستانيبوونى شارى كەركووک وەهم بێت، چى ئەمێنێتەوە لەو كەمپينەى ئێوە كە تيايدا باس لە دياريكردنى "چارنووسى" شارەكە دەكەن بە شێوەيەكى "ئينسانى" و "شارستانييانە". ئا لێرەدايە كە كەمپينى "ئينسانى" و "شارستانى" ئەوانە بێجگە لە داپۆشينى سياسەتى داگيركەرانەو هيشتنەوەى تەعريب بۆ داماڵينى كوردستانيبوونى شارى كەركووک، هيچىتر نييە.

5– لە درێژەى بەياننامەكەدا هاتووە: {يدرک معظم الناس كذلک كل الادراک انه لا سياسات التعريب ولا التكريد ولا التتريک تعبر عن سلوكيات حكيمة لحل مشاكل المدينة المتأزمة}. بە كوردييەكەى واتە: {هەروەها زۆربەى خەڵک باش دەزانێ كە نە سياسەتى تەعريبو

نه سیاسەتی "تەکرید" و نه سیاسەتی تەتریک دەربڕی هەڵسوکەوتێکی حەکیمانه نییه بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە). خوێنەری خۆشەویست داڕێژەرانی ئەم بەیاننامەیه لەو ڕستەیەدا دایانەوێ بە کورد بڵێن کە ئەگەر لە ڕابردوو عەرەبو ڕژێمی بەعس سیاسەتی تەعریبی پەیڕەوکردووه ئەوا ئیوەش بە هەمان شێوه کەرکووک "تەکرید" دەکەن. ئاخر ڕۆشنه کە کەرکووک ئێستا لە دەستی تورکیادا نییه تا تەتریکی بکات، هەربۆیه لەم ڕستەیەدا مەبەستەکە کوردە. بەمەش لێرەدا دەیانەوێ ئەو ئامانجه بپێکنو بە کورد بڵین: "ئەی کوردەکان ئەگەر ئێوه هەتا دوێنێ تەعریب دەکران لە کەرکووک و قوربانی بوون ئەوا ئەمڕۆ ئێوه جەلادنو عەرەبه تەعریبچییەکان قوربانی دەستی سیاسەتی "تەکرید"ن". بەمەش دەردەکەوێ کە بەیاننامەکە هەموو لە قازانجی سیاسەتی تەعریبەو تیایدا قوربانییەکان بوونەته جەلادو جەلاده تەعریبچییەکانیش بوونەته قوربانی سیاسەتی "تەکرید". لە بەشی داهاتووش زیاتر درێژە بە ئەنالیزی بەیاننامەکه دەدەم.

24 ئەپڕیلی 2007

– درێژەی هەیه –